# بووك و ڕێگای تاریك

ئاداری 1973

شەوە زەنگ بوو
دەست خوێناوی
نیو شەقامی شاری ئازرایان ئەپێکا
بە خەیاڵی
چراکانی نێو شارەکە
یەکە یەکە دەست ڕێژ دەکرد
ڕۆناکیان لێ ون دەکرا
کەژاوەی بووك لە ڕێگایە
بوکی ئەو سەردەمە وایە
بە ڕۆژ ڕێگای بۆ چۆڵ بکرێ
ئەوسا زاوا لە نێو پەردە
ئۆقرە بگرێ
خەڵکی شاری ئازار تێکڕا
زامی لەشیان سارێژ ناکرا
ناچارکشیت چەشنی فەرهاد
شاخەکانی ڕێگای هیوا
ورد ورد ئەکەن
چراکانی سەر شەقامی شاری ئازار
یەکە یەکە پڕ لە خوینی لاوان دەکەن
چەشنی زۆر دەشت بۆ روناکی
کڕنۆش دەبەن.